سەدر: دەبێت باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد دابخرێت

لەبارەی هێرشەکانی ئیسرائیل بەسەر ڕەفەح، موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی نیشتیمانی شیعە ئەمریکا بە پشتیوانیکردنی هێرشەکانی ئیسرائیل تۆمەتباردەکات و داوای دەرکردنی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق دەکات.

ئەمڕۆ سێ شەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا موتەدا سەدر کە لە پەڕگەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس بڵاوکردۆتەوە دەڵێت" ئیسرائیل خەڵکی غەززەی لە ماڵ و حاڵ و نیشتیمانی خۆیان دەرکردووە و بەنیازە ئەو سیاسەتە بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا درێژە پێبدات، ئەوەش بەپشتیوانی ئەمریکا دەکات."

سەدر هێرشەکانی ئیسرائیل بەکردەوەی " تیرۆرستی" ناودەبات و دەڵێت" داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا و ناردنەوەی باڵیۆزەکەی هەنگاوێکی ئاشتییانەیە دژی ئەو هێرشانە.'

سەدر ئاماژەی بەوەش کردووە، پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ بەکارهێنانی هێز زیاتر ئازاری ئەمریکا دەدات و هیچ بیانوویەکیشیان نامێنێت بۆ تێکدانی ئاسایشی عێراق و خەڵکەکەی."

" داوا ل□ ر□کخراوی هاریکاریی ئیسلامی و ک□مکاری ع□ر□بی د□ک□م ه□نگاوی کارا بن□ن ب□ ک□تایه□نان ب□ ک□م□□کوژی هاو□ڵاتیانی غ□زز□ ل□لای□ن ئیسرائیل□و□ و چیتر ب□د□نگ ن□بن".(س□ردا وا د□□□ت).